گـــــۆڤـــــاری زانـــــکـــۆی ڕاپـــــەڕیـــــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/nv2cmh05
ڕێکەوتی وەرگرتن: 10/01/2026
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 31/03/2026
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەقەزای چەمچەماڵ

سیروان صالح محمد رشید[1] - ڕۆستەم جەبار مستەفا[2] - ساکار محمد حسن[3]
rostamgeography@gmail.com - -sirwansalihmanmy@gmail.com sakar.gardi@uor.edu.krd
[1+2]بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، کوردستانی عێراق
[3]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە**
گەشەی دانیشتوان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ، زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە سەنتەری شارەکان ڕۆڵی هەیە لە کەمبونەوەی توانای بەرهەمهێنان، لەهەمان کاتدا هۆکارە بۆ فراوانبونی شار و کۆچی دانیشتوان بۆ ناوچەی شارنشینی و کەمبونەوەی دانیشتوانی گوندەکان و دروستبونی کەلێنی خۆراکی.
گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە قەزای چەمچەماڵ خاوەن ژمارەیەکی زۆر گوندە بەمەش ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان لەخۆدەگرێت کە دەکرێ لە گەشەسەندنی کشتوکاڵ سودی لێوەربگیرێت، چونکە کاردەکاتە سەر زیادبونی دەستی کار و کەمکردنەوەی بێکاری، هەروەك لە ناوچەی توێژینەوە هەلومەرجی جوگرافیای باش هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ.
کێشەی توێژینەوە پەیوەستە بە گەشەی خێرایی دانیشتوان و کاریگەرییەکەی لەسەر کەمبونەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و نەگەیشتن بە توانای خۆبژێوی. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی پەیوەندی و کاریگەری گەشەی دانیشتوان و کاریگەرییەکانیتی لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ، لەم توێژینەوە زانستیەدا میتۆدی (شیکاری – وەسفی- بەراوردکاری) بەکارهاتوە.
شاری چەمچەماڵ بەشێوازێکی بەربڵاو فراوانبوە کە زادەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارنشینییە. لەسەر ئاستی قەزاکە لە ساڵی (2023) ڕێژەی شارنشین گەیشتۆتە (88%)، ئەمەش مانای بونی ناهاوسەنگییەکی نەخوازراوە لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە. پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە بۆ گروپی تەمەنی (15-64) زۆرترین ژمارەی لەخۆگرتوە لە چاو تەمەنی منداڵ و گەورەساڵ بەڕێژەی (54.1%) ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ بونی دەستی کار لە ناوچەکە، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ لەدەستدانی زەوی کشتوکاڵی دەگاتە (6.77%) بۆ ماوەی نزیکەی (20) ساڵی ڕابردو.
**کلیلەوشەکان** (پەرەپێدانی کشتوکاڵ، چڕی گوند، گەشەی دانیشتوان، قەزای چەمچەماڵ)

# A geographical analysis of population growth and its impact on the development of Agriculture in Chamchamal

Sirwan Salih M Rashid[1] - Rostam Jabar Mustafa[2] - Sakar Mohammed Hasan[3]
[1+2]General Directorate of Education in sulaimani. Sulaimaniyah. Kurdistan Region Iraq.
[3]Department of Geography, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Population growth has a direct impact on the development of agriculture. Population growth in city centers greatly reduces production capacity. It is also the reason behind city expansion and the migration of village dwellers to the cities; hence, it has decreased village population and caused food scarcity.This research is significant because Chamchamal has a large number of villages that host many resident who can contribute to agricultural growth, which has an impact on providing job opportunities and reducing unemployment. The research problem is centered on the rapid increase of population and its impact on the reduction of land available for agriculture, which in turn impedes self-sufficiency in food for the population in the research site. The aim of this research is to show the impact of population growth on the development of agriculture on one hand and to show the significance of agriculture labor market in the area. The method used in this research is comparative, descriptive analysis.Chamchamal city has expanded rapidly as a result of population growth in the city. In the whole Chamchamal district, the city residents comprise (88%) of the population,. Concerning age, the majority of the population consists of people aged between (15-64) which is (54.1%). This is a positive sign in terms of job capacity in the research area. The research results show that, on a yearly basis, agricultural land has decreased by( 6.77%) over the past (20) years.

**Key words**: Chamchamal district, agricultural development, population growth, village density.

## پێشەکی

لە جیهاندا ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە زیاتر لە(8)ملیار کەس، بەردەوامیش ئەم ژمارەیە ڕو لە زیادبونە، پەیوەندی دانیشتوان بە سەرچاوەی خۆراکەوە لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تاکو ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین لێکۆڵینەوە لەم بوارە ئەنجام بدرێت، وە بۆتە هۆی گرنگی پێدانی توێژەران جگە لە زۆربون و پەیوەندی دانیشتوان بە خۆراکەوە کە

بە شێوەیەکە نیمچە ڕەهایی دەستکەوتنی سەرچاوەی خۆراکە لە کشتوکاڵەوە، چونکە خۆراك پێداویستیەکی ڕۆژانەی دانیشتوانە.

تایبەت بە سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵ، قەزای چەمچەماڵ خاوەن چەندین تایبەتمەندی جوگرافیای سروشتی و مرۆیيە وە خاوەن مێژویەکی گەورەیە، کە بە لانکەی دەرکەوتنی کشتوکاڵ هەژمار دەکرێت. هەروەها لە ڕوی دانیشتوانیشەوە بەهۆی تایبەتمەندیە جوگرافیەکانیەوە جیاوازی بەدی دەکرێت لەنێوان ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر.

بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارنشین، ڕۆژ بەرۆژ زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری شارەکان دەکرێن بە یەکەی نیشتەجێبون و کارگە، بۆیە لەئێستادا لە ولاتانی جیهانی سێیەم و هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە کێشەی کەمبونەوەی زەوی کشتوکاڵی و کەمبونەوەی دەستی کاری کشتوکاڵی سەری هەڵداوە، هاوسەنگی ژینگەیی دابەشبونی دانیشتوان لەشار و گوند بەشێوەیەك تێکچوە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەشارەکان نیشتەجێبون و کەمترین دانیشتوان لە گوندەکان نیشتەجێبون، سەرەڕای ئەو هۆکارە ڕامیارییانەی بەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە هاتوە وەکو پرۆسەی ڕاگواستن و ڕوخاندنی گوندەکان، لەلایەن حکومەتی بەعسی ڕوخاوەوە، تاکو ئێستا بەشێك لە گوندەکان چۆڵن و ئاوەدان نەکراونەتەوە.

### کێشەی توێژینەوە

1. گەشەی دانیشتوان تاچەندە کاریگەری هەبوە لەسەر کەمبونەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی قەزاکە؟
2. کاریگەری گەشەی کشتوکاڵ چۆنە لەسەر پێداویستی خۆراکیی بۆ دانیشتوان، لە ناوچەی توێژینەوە؟

### گریمانەی توێژینەوە

1) گەشەی دانیشتوان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر کەمبونەوەی کشتوکاڵ بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە.
2) هەلومەرجی گەشەسەندنی کشتوکاڵ کاریگەری هەیە لە بەدیهاتنی ئامانجی کشتوکاڵی لە قەزاکە.

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوە زانستیەدا میتۆدی (شیکاری، وەسفی، بەراوردکاری) بەکارهاتوە، بۆ ناساندنی ناوچەی توێژینەوەو شیکاری و بەراوردکردنی کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان و ناوچەی توێژینەوە.

### ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە ڕونکردنەوەی پەیوەندی گەشەی دانیشتوان و کاریگەرییەکانیەتی لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە لایەك و دەرخستنی گرنگی هێزی کاری کشتوکاڵییە لە قەزاکە. هەروەها دەرخستنی ناچونییەکی ئەم کاریگەرییە لە یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوە، و بەرزکردنەوەی توانای وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و زیادکردنی بەرهەمی خۆراکی لە ناوچەی توێژینەوە.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لەوە دێت کە قەزای چەمچەماڵ و گوندەکانی دانیشتوانی زۆر لەخۆدەگریت و پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو لەکردارەکانی گەشەسەندی کشتوکاڵ ڕۆڵ بگێڕێت، وەکو دەستی کار و کەمکردنەوەی بێکاری، هەوڵدان بۆ پاڵپشتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەم بوارەدا، هەروەك لە ناوچەی توێژینەوە هەلومەرجی جوگرافیای باش هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، کە دەکرێت گرنگی زیاتری پێبدرێت. کشتوکاڵ بە هەردو بەشەکەیەوە بەرهەمی ڕوەکی و

بەرهەمی ئاژەڵداری یەکێکن لەو بوارانەی کە گرنگە لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت لە ناوچەی توێژینەوە چونکە کشتوکاڵ چالاکییەکی ئابوری گرنگە لە دێرزەمانەوە لەم ناوچەیە بۆتە پیشەی زۆرێك لە دانیشتوانەکەی.


**ماوە و شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە**

ماوەی توێژینەوە بریتییە لە ساڵانی (1977- 2023) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ماوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ماوەیەدا زۆرترین گۆڕانکاری ڕویداوە لە گەشەی دانیشتوان بەجۆرێك کە زۆر خێرا بوە بەهۆی هۆکارە ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر کەمبونەوەی زەوی کشتوکاڵی.

لە ڕوی شوێنی جوگرافییەوە، قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ناوەڕاستی هەرێمی کوردستانەوە و باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانییەوە، هەروەها لەڕوی فیزۆگرافییەوە دەکەوێتە ناوچەییەکی نیمچە شاخاوییەوە، لەڕوی کارگێڕییەوە سەر بەپارێزگای سلێمانییە، لەڕوی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (51" 55' 34° و 49" 53' 35°) باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی (52" 37' 44° و 0.8" 26' 45°) ڕۆژهەڵات، کۆی گشتی ڕوبەری ئەم قەزایە پێکهاتوە لە (3469)کم2. نەخشەی(1).

لەڕوی کارگێڕییەوە ناوچەی توێژینەوە چەندین جار بەهۆکاری ڕامیاری لە ماوە جیاجیاکاندا خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی یان کەرکوك، تادواجار خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

نەخشەی (1) شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بەپشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2023، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

**1- دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە**

تێگەیشتن لە بارودۆخی دانیشتوان، و شیکردنەوەی گەشەی دانیشتوان دەبێتە بنەما بۆ تێگەیشتن لە تەواوی پلانە جۆربەجۆرەکان کە پەیوەستن بە پلاندانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دانیشتوان و دابینکردنی پێداویستییەکانی.

**1-1 گەشەی دانیشتوان**

لە خشتەی (1) و شێوەی (1) دەردەکەوێت کە گەشەی دانیشتوان لە قەزای چەمچەماڵ جێگیر نییە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکاندا، بە جۆرێك کە لەماوەی ساڵانی (1977-1987) تێکڕای گەشەی ساڵانە (2.9%) بوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربونی سروشتی لەلایەك و نەبونی هۆشیاری سەبارەت بە ڕێکخستنی خێزان، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە (1987 – 2002) زۆر بەرزبۆتەوە بە جۆرێك کە گەیشتوە بە (4.8%) ئەم بەرزبونەوەیەش زیاتر بەهۆکاری ڕامیاری بوە بەهۆی پرۆسەی کۆچی زۆرەملێوە بوە لەناوچەکانی کەرکوکەوە بۆ قەزاکە. کەچی لە ماوەی نێوان ساڵانی 2002 – 2009 بەشێوەیەکی زۆر دابەزیوە بۆتە -1 و لە (2009- 2023)گەیشتۆتەوە بە دۆخی ئاسایی خۆی و بوە بە (2.2%)، ئەمەش دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و گەڕانەوەی بەشێك لە ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان لەلایەك و زۆربونی هۆشیاری خێزانەکان دەربارەی ڕێکخستنی خێزان گەشەی دانیشتوان ڕوی لە هاوسەنگبون کرد. تێکڕا بۆ گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (1977- 2023) بریتییە لە (2.7%) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوتوە کە گەشەی دانیشتوان بە ئاراستەیەکی جێگیر گەشەی نەکردوە بەهۆی کاریگەری بارودۆخی ڕامیاری و ئابوری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە. ئەم ئاماژانە پیشاندەری زۆر گرنگن بۆ دەرخستنی ڕاستی پێداویستی دانیشتوان بە گەشەپێدانی کشتوکاڵ و کەرتەکانی تری پەیوەندیدار بە دانیشتوانەوە.

خشتەی (1) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لەماوەی نێوان (1977-2023)

| ساڵ | کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان | | تێکڕای گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| 1987-1977 | 52773 | 70552 | 2.9 |
| 2002-1987 | 70552 | 142655 | 4.8 |
| 2009-2002 | 142655 | 140973 | 1- |
| 2023-2009 | 140973 | 191657 | 2.2 |
| تێکڕا | - | - | 2.7 |


سەرچاوە:

1- الجمهورية العراق وزارة التخطيط،1977، جهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعدادات للسكان، المحافظة السليمانية. ص35-37

2- الجمهورية العراق وزارة التخطيط،1987، جهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعدادات للسكان، المحافظة السليمانية. ص81-83

3- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2023، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

شێوەی(1) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لەماوەی نێوان (1977-2023)




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بەخشتەی (1)

لەشیکردنەوەی بارودۆخی گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك ئاڵانگاری دوچاری گەشەی دانیشتوان دەبنەوە لە ناوچەی توێژینەوە کە کاریگەری ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆی دەبێت لەسەر دابینەبونی سیاسەتێکی گونجاو و سەردەمیانە بۆ گەشەی دانیشتوان کە هاوشان بێت لەگەڵ بەدیهاتنی پەرەپێدان بەهەمو لایەنەکانەوە بەتایبەت پەرەپێدانی کشتوکاڵ.

گەشەی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەك بە پلەی سەرەکی بەندە بە ئارەزوی خێزانەکان لە ڕوی لە دایکبون و هاندانیان بۆ وەچەخستنەوە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر زیادبونی ژمارەی لەدایکبون و دانیشتوان لە ناوچەکە، تاکو ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت پێویستی بەخۆراك زیاتر دەبێت، بۆیە گرنگە پەرەپێدانی کشتوکاڵ بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی لە نێو پلانە نیشتمانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیادبونی وەبەرهێنانی بەرهەمی خۆراکی، چونکە گرنگینەدان بەکەرتی کشتوکاڵ وادەکات کەلێنی خۆراکی زیاتربێت و خۆراك لە دەرەوە هاوردەبکرێت بەمەش کاریگەری لەسەر بژێوی دانیشتوان و کەرتی ئابوری هەرێمی کوردستان دەبێت.

## 2-1 دابەشبونی شوێنی بۆ دانیشتوان و چڕیان لە ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (2023)

### أ- دابەشبونی دانیشتوان

دابەشبونی دانیشتوان لەهەر جێگایەك ئەوەی پەیوەستە بەزەوییەوە دیاردەیەکی جێگیر نییە، بەڵکو دوچاری گۆڕانکاری گەورە دەبێتەوە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، پەرەپێدان بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو گرنگی زیاتر دەدات بە زانینی قەبارە و ژمارە و دابەشبونی دانیشتوان لە ڕوبەرێکی دیاریکراوی زەوی، بەئامانجی شیکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی هۆکارەکان لەو ناوچەیدا و پلاندانان بۆ داهاتوی ناوچەکە و ئاراستەکردنی دانیشتوان لەڕوی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەرامەتە سروشتییەکان بەشێوەیەك زۆرترین قازانجی هەبێت بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و کەمترین زیان بەژینگەی سروشتی بگات.

هەرچی تایبەتە بەچڕی گشتی لە ناوچەی توێژینەوە ئەوا بریتییە لە (76.57) بۆ ساڵی (2023) ئەمەش بەرزترین ڕێژەی لە ناوەندی قەزادایە و دەگاتە (232.6)کەس بۆ کیلۆمەتری چوارگۆشە و نزمترینی لە ناحیەی قادرکەرەمە و دەگاتە (1.4) کەس بۆ کیلۆمەترێك چوارگۆشە.

### ب- چڕی گوند

مەبەست لە چڕی گوند بونی ژمارەی دانیشتوانی گوندە لەسەر ڕوبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی گوندەکە، ئاستی چڕی دانیشتوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەبونی زەوی کشتوکاڵی و بەپێی خاکەوە هەیە، واتە تا ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی کەم بێت و ژمارەی دانیشتوانی گوند زیاتربێت ئەم چڕییە بەرزتر دەبێتەوە و ڕادەی بەرزبونەوەی چڕیەکەش ئاستی

گوشاری دانیشتوان لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی و سودوەرگرتن لەخاك بۆ دابینکردنی خۆراك دەردەخات.(عەلی، 2008، 149).

خشتەی (2)

ژمارەی دانیشتوان، چڕی گشتی و چڕی گوندی لەقەزای چەمچەماڵ لەساڵی (2023)


| ناوی شوێن | ژ.گشتی دانیشتوان | ڕوبەر کم2 | چڕی گشتی | % | ژ. دانیشتوانی گوند | ڕێژە% | ڕوبەری گشتی/ دۆنم | ڕوبەری زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ | چڕی گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 76061 | 327 | 232.6 | 39.7 | 2401 | 10.5 | 184980 | 88353 | **36.8** |
| شۆڕش | 60245 | 335 | 179.8 | 31.4 | 1997 | 8.8 | 119517 | 47051 | **23.56** |
| سەنگاو | 7314 | 736 | 9.9 | 3.8 | 5382 | 23.6 | 335471 | 128131 | **23.81** |
| تەکیەی کاکەمەند | 33167 | 392 | 84.6 | 17.3 | 1860 | 8.2 | 114618 | 41903 | **22.53** |
| ئاغجەلەر | 11050 | 586 | 18.5 | 5.8 | 8661 | 38 | 165702 | 58547 | **6.76** |
| تەکیەی جەباری | 2703 | 294 | 9.2 | 1.4 | 627 | 2.7 | 853527 | 39865 | **63.58** |
| قادر کەرەم | 1117 | 799 | 1.4 | 0.6 | 1875 | 8.2 | 322537 | 135103 | **72.05** |
| کۆی گشتی | 191657 | 3469 | 76.57 | 100 | 22803 | 100 | 2096352 | 538953 | **23.64** |

سەرچاوە: 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،2023، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2024، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، هۆبەی کشتوکاڵی شۆڕش و هۆبەی کشتوکاڵی تەکیە.

3-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، 2024، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی پلاندانان و بەدواداچون.

نەخشەی (2) چڕی گوند لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بەپشت بەستن بەخشتەی(2)

چڕی گشتی دانیشتوانی گوندنشین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (23.6) کەس/دۆنم دەبێت کە ئەمەش بەشێوەی جیاواز لە ناحیەکانی قەزاکەدا دەردەکەوێ بەجۆرێك کە لە ناحیەی ئاغجەلەر (6.7)کەس/دۆنم ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زەوی کشتوکاڵی شیاو و گوندەکانی ئەم ناحیە بەراورد بەگوندەکانیتر ژمارەی دانیشتوانی زیاترە کە ئەمەش ڕەنگیداوەتەوە لەسەر بەرکەوتەی کەس بە دۆنم، دوابەدوای ئاغجەلەر هەریەك لە ناحیەکانی تەکییەی کاکەمەند، شۆڕش و سەنگاو دێت کە ژمارەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکە و بەدوای یەکدا بریتییە لە (22.5) ، (23.5) و (23.8). هەرچی تایبەتە بەسەنتەری قەزا ئەوا (36.8) کەس/ دۆنم دەبێت. هەروەها ناحیەی قادرکەرەم ئەوا (72)کەس/دۆنم دەبێت، چونکە ناحیەی قادرکەرەم دورە لەسەنتەری قەزا و ژمارەی دانیشتوانی کەمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هۆکارە ڕامیارییەکان لەسەر ئەو ناحیەیە پێشتر ناوچەیەکی قەدەغەکراو بو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە تاکو ساڵی (2023) کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە خشتەی (2) و نەخشەی(2).

## 3-1 پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی جۆر و تەمەن

پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی تەمەن و ڕەگەز، دەستەواژەیەکە بۆ دابەشبونی دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی لە گروپەکانی تەمەن کە هەردو ڕەگەز دەگرێتەوە بۆ هەر پێنج ساڵێك ئەمەش بە شێوەی هەرەم پێشاندەدرێت بە تەمەنی بچوك دەستپێدەکات لە خوارەوە، تەمەن بچوکەکانیش لە بنکەی هەرەمەکەدا پانتاییەکی گەوەرەی هەیە.

گرنگی لێکۆڵینەوەی دانیشتوان بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەوەوە دێت کە شێوەکانی دیموگرافی کۆمەڵگە ڕوندەکاتەوە و ئەو گروپانە دیاریدەکات کە لەسەرشانی بەخێوکردنی ئەوانی تر لەخۆدەگرێت، یاخود گروپەکانی نابەرهەمهێن دیاریدەکات لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئەو بابەتە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزی کار و دابەشبونی ژینگەیی لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕوندەکاتەوە بەو پێیەی کە هێزی کار و بەتایبەت لە گوندەکاندا بەشێوەیەکە گشتی بەستراوەتەوە بە ڕەگەزی نێرەوە.

بە تێبیکردنی خشتەی (3) و شێوەی (2) دەتوانین بگەین بەم چەند خاڵەی خوارەوە:

1- ڕەگەزی نێر لە ناوچەی توێژینەوە زیاترە لە ڕەگەزی مێ بە جۆرێك ڕەگەزی نێر دەگاتە (50.89%) ئەمە لەکاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی مێ (49.11%) بۆ ساڵی (2019) کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوە لە پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەی توێژینەوەو هەرێمی کوردستان.

2- پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە بۆ گروپی تەمەن مامناوەندەکان زۆرترین ژمارەی لەخۆگرتوە لە چاو گروپەکانی تەمەن منداڵ و گەورەساڵ. بە جۆرێك (102690) کەسە لە کۆی گشتی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەڕێژەی (54.1%) ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ بونی دەستی کار لە ناوچەی توێژینەوە، ئەم ئاستە نوێنەرایەتی هێزێکی کاری گونجاو دەکەن لەئابوریدا، دەتوانرێت وەکو چینێکی بەرهەمهێن و چالاك لە ناوچەی توێژینەوەو هەرێمی کوردستان پۆلێنبکرێت.

3- لە گروپی تەمەن مامناوەندە ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاترە و دەگاتە ( 50.89%) لە کاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی مێ دەگاتە (49.11%) لە ناوچەی توێژینەوە.


خشتەی (3)

ژمارەی دانیشتوان بەپێی گروپەکانی تەمەن لە ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (2019)

| ئاستی تەمەن | ژمارەی دانیشتوان/ نێر | % | ژمارەی دانیشتوان/ مێ | % | کۆی گشتی | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 14-0 | 40610 | 50.89 | 39183 | 49.11 | 79793 | **42.1** |
| 64-15 | 52266 | 50.89 | 50424 | 49.11 | 102690 | **54.1** |
| زیاتر لە 65 | 3535 | 50.84 | 3418 | 49.16 | 6953 | **3.7** |
| کۆی گشتی | 96411 | 50.89 | 93025 | 49.11 | 189436 | **100** |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2023، دەستی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

شێوەی(2) گروپەکانی تەمەن لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بەخشتەی(3)

ناوچەی توێژینەوە پێویستی بەسیاسەتێکی نوێی بەڕێوبردنی دانیشتوان هەیە کە ئامانج لێی چۆنیەتی کارگێری دانیشتوان و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵە لەڕێگەی بەگەڕخستن بۆ بەدەستهێنانی هاوئاهەنگی لەنێوان دابینکردنی خواستی کار و بەرهەمهێنان و خەملاندنی پێویستییەکانی هێزی کاری ناوچەکە و هاندانی وەبەرهێنان، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەڕێگەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کەرتی بیانییەوە و دابەشکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت بەپێی خواست و پێداویستی ناوچەکە.

بونی کۆمپانیای بیانی بۆ دەرهێنانی نەوت لەناوچەکەدا زیانی زۆری گەیاندوە بەژینگەی ناوچەکە، بۆیە پێویستە زیاتر گرنگی بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی پێدانی مۆڵەتی فەرمی بەکۆمپانیا کشتوکاڵییەکان لە ناوچەکەدا پرۆژەکانیان بخەنەگەڕ و هێنانی سەرمایەی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە بنەمایەکی سەرەکی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵە لەئایندەدا، کەرتی کشتوکاڵ لە کەرتێکی خۆبژێوییەوە دەبێتە کەرتێکی ئابوری نیشتمانی لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری و بەرزبونەوەی داهاتی نەتەوەیی.

### 4-1 دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ

دابەشبونی ژینگەیی: بریتییە لە دابەشبونی دانیشتوان بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبونیان لەشار و گوندەکاندا، ئەم جۆرە دابەشبونە گرنگی تایبەتی هەیە لەلێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان، بەتایبەت لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی دیموگرافی و ئاراستەکردنی دانیشتوان و پلاندانان بۆ داهاتو ی ناوچەکە و چۆنیەتی بەڕێوبردنی.

لە ناوچەی توێژینەوە جیاوازی هەیە لە نێوان یەکە کارگێرییەکان لە دابەشبونی دانیشتواندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە جوگرافیانە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان کە ئەوانیش کارتێکەرە سروشتی و مرۆییەکانن. وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە بریتییە لە (191657) کەس لە ساڵی (2023) لەم ژمارەیەش (168854) کەس شارنیشنن و (22803) کەس لادێنشینن بوە، کە بە شێوەی جیاواز دابەشبوە بەسەر یەکە کارگێرییەکاندا. سەنتەری قەزاکە کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی لەخۆگرتوە، چونکە سەنتەری قەزا زۆرترین

جموجوڵی بازرگانی لەخۆدەگرێت، هەروەها زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەخۆدەگرێت بەراورد بە گوندەکان، ڕێژەی شارنیشنی (43.6%)کە ئەم ڕێژەیەش بەرزترین ڕێژەیە لە قەزاکە. بەڵام لە ناحیەی شۆڕش ڕێژەکە کەم دەبێتەوە بۆ (34.5%) بەڵام لە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند دەبێت بە (18.5%) لەپلەی سێیەمدایە. هەروەها بەرێژەیەکی زۆر کەم دەکات لە ناحیەی سەنگاو 1.2%، لە ناحیەی ئاغجەلەریش (1.4%). هەر لە هەریەك لە قادرکەرەم و تەکیەی جەباری (0.5%) و (0.3%) یەك لەدوای یەك، خشتەی (4). لەعێراق و هەرێمی کوردستان پشت بە پێوەری کارگێری دەبەسترێت بۆ جیاکردنەوەی گوند لەشار.

هەرچی تایبەتە بە ڕێژەی گوندنشین ئەوا ناحیەی ئاغجەلەر بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوە، کە بریتییە لە 38% و دوای ناحیەی سەنگاو دێت بەڕێژەی 23.6% هەرچی تایبەتە بە ناوەندی قەزا ئەوا بە ڕێژەی (10.5%) لە پلەی سێیەمدایە، هەروەها ناحیەکانی شۆڕش و تەکیەی کاکەمەند و قادرکەرەم ئەوا ڕێژەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکە و بریتییە لە (8.8%)، (8.4%) و (8.2%) بۆ هەریەکەیان. دواتر تەکیەی جەباری دێت بەرێژەی (2.7%).

بونی خزمەتگوزاری لەشار و کارکردنی کارکەران لەکەرتی تایبەت و خزمەتی سەربازی هۆکاری سەرەکییە لە کەمبونەوەی ڕێژەی لادێنشین بە تایبەت لەسەنتەری قەزا. زیادبونی ڕێژەی گوندنیشن و بەتایبەت لە ناحیەی ئاغجەلەر دەگەڕێتەوە بۆ بونی هەلومەرجی سروشتی گونجاو لەبار بۆ کشتوکاڵ وەکو زێی گەورە کە سەرچاوەیەکی ئاوی بەردەوامە بۆ جۆری کشتوکاڵ. هەرچی تایبەتە بە ناحیەی سەنگاو بونی زەویی بەرفراوان و لەوەرگای سروشتی باش لەلایەك و سەرچاوەی ئاوی پێویست هۆکاری سەرەکین بۆ یە پلەی دوەمی بۆ ڕێژەی گوندنیشنی هەیە.

خشتەی (4)

دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لەناوچەی توێژینەوە لەساڵی 2023

| شوێن | شارنشین | ڕێژە% | گوندنشین | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 73660 | 43.6 | 2401 | **10.5** |
| شۆڕش | 58248 | 34.5 | 1997 | **8.8** |
| سەنگاو | 1932 | 1.2 | 5382 | **23.6** |
| تەکیەی کاکەمەند | 31307 | 18.5 | 1860 | **8.4** |
| ئاغجەلەر | 2389 | 1.4 | 8661 | **38** |
| قادرکەرەم | 828 | 0.5 | 1875 | **8.2** |
| تەکیەی جەباری | 490 | 0.3 | 627 | **2.7** |
| کۆ | 168854 | 100 | 22803 | **100** |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2023، دەستی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

### 2-فراوانبونی شار

فراوانبونی شار: بریتییە لە کشان و درێژبونەوەی ڕوبەری شار بەچەند ئاراستەیەکی جیاواز بەرەو لێواری شار و زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری، هەروەها گۆڕینی مۆرفۆلۆجیای شارە واتە زیادکردنی ڕوبەرێکی زەوی تازە بۆسەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو پێداویستی و داواکارییانەی ئەو دانیشتوانانەی زیادیکردوە لەشارەکە، (حسێن، 2013، 152). شاری چەمچەماڵ بەدرێژایی مێژوییەکەی فراوانبونی ڕوبەری زەوی و زیادبونی ژمارەی

دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە دوای ڕوخاندنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان، لەئێستادا ئەو کۆمەڵگایانە بۆتە گەڕەکێك لە گەرەکەکانی شاری چەمچەماڵ وەکو گەڕەکی ڕاپەڕین و گەرەکی ئازادی، هەروەها لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی (2003) شارەکە زیاتر فراوانبوە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر ئاراستەی فراوانبونی شار و مۆرفۆلۆجیای شار هێناوە وەك هەر شارێکی ئاسایی فراوانبوە و زیاتر بەئاراستەی خۆرئاوای شارەکە فراوانبوە.

فراوانبونی شار چەندین شێواز لەخۆدەگرێت بەشێوەیەك گۆڕانکارییە سروشتی و مرۆییەکان نەخشە و وێنەی ئەو شێوازە دەکێشن، شاری چەمچەماڵ بەشێوازێکی پلان بۆ دارێژراو فراوانبوە لە ئەنجامی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوان لەگوندەکاندا، شێوازی پلان بۆ دارێژراو بەپێی ماستەر پلانی شار ئاراستەی فراوانبونی شار دیاریکراوە لەرێگەی بەرنامە و نەخشەی شارەوە شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی و ڕوبەرو ئاراستەکانی فراوانبونی شار دیاریکراوە، لەهەمان کاتدا ڕێگە دەگیرێت لەهەمو زیادەڕەوییەك بەشێوەیەکی نایاسایی دروست بکرێت.

لەساڵی (2003) ڕوبەری شاری چەمچەماڵ (6.074)کم2 بوە، بەڵام لەساڵی (2024) بەڕوبەری (4،921)کم2 زیادیکردوە، ئەمەش لەسەر بنەمای زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری فراوانبوە، ژمارەی گەڕەکە زیادکراوەکانی (9) گەڕەکە و لە کاتێکدا پێشتر لەساڵی (2003) ژمارەیان (10) گەڕەك بوەو لەئێستادا کۆی گشتی (19) گەڕەکە، دەرکەوتنی شێوازی پلان بۆ دانراو بۆ زیادبونی فراوانبونی شارەکە بەپێی ئەو نەخشەی شارەوانی دایڕشتوە، ئاراستەی فراوانبونەکە بەرەوخۆرئاوای شارەکە بوە، نەخشەی(5)

خشتەی(5) گەڕەکە نوێیەکانی شاری چەمچەماڵ لەساڵی 2024


| ژ | گەڕەک | ڕوبەر (کم٢) |
|---|---|---|
| 1 | مەشخەڵان * | 1.167 |
| 2 | نیشتمان | 0.530 |
| 3 | سەربەرزی | 0.710 |
| 4 | بنار | 0.311 |
| 5 | ئاسودە | 0.384 |
| 6 | خان | 0.265 |
| 7 | خاک | 0.369 |
| 8 | مامۆستایان | 0.601 |
| 9 | کوردستان | 0.557 |
| | کۆی گشتی | 4.921 |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە: 1- نەخشەی (3) بە بەکارهێنانی سیستەمەی زانیارییە جوگرافییەکان ( Arc GIS10.8.2)، 2025.

* گەرەکی مەشخەلان بە هۆی فراوانی ڕوبەرەکەی نیوەی لە پێش ساڵی (2004)، نیوەکەی تری لە دوای ساڵی (2004) تا (2024) زیادیکردوە.

نەخشەی(3)

ئاراستەی فراوانبونی شاری چەمچەماڵ لەساڵی (2003-2024)




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە بەرنامەی (google earth)

خشتەی (6)

ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی و فراوانبونی شار لەساڵی 1977-2023

| ساڵ | ژ. دانیشتوان | ژ.دانیشتوانی ناوەندی قەزا | ڕووبەری فراوانبونی شار | گۆڕانی ساڵانە % | ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1977 | 52773 | 13423 | 678.4 | _____------- _ | _____-------__ |
| 1987 | 70552 | 50300 | 1496.4 | 120.64 | ______------- _ |
| 2002 | 142655 | 95633 | 2696 | 80.16 | 578129 |
| 2023 | 191657 | 168854 | 4664.4 | 73.01 | 538953 |

سەرچاوە: 1- الجمهورية العراق وزارة التخطيط،1977، جهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعدات للسكان، محافظة السليمانية. ص35-37


2- الجمهورية العراق وزارة التخطيط،1987، جهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعدات للسكان، محافظة السليمانية. ص81-83

3- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،2023، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

4- هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ وسەرچاوەكانی ئاو،2024، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی چەمچەماڵ، بەشی پلاندانان و بەدواداچون.

شێوەی(4)

بەراورد لەنێوان ژمارەی دانیشتوان ڕوبەری زەوی كشتوكاڵی و فراوانبونی شار لەنێوان ساڵانی (2002-2023)




سەرچاوە: ئامادەكردنی توێژەران بە پشت بەستن بەخشتەی(6)

وەك لە خشتەی( 6) و شێوەی(3) دەردەكەوێت ڕوبەری فراوانبونی شاری چەمچەماڵ لەنێوان ساڵانی(1977– 2023) گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە بەجۆرێك كە لە ساڵی (1977) ڕوبەری شاری چەمچەماڵ(678.2) دۆنم بوە، بەڵام ئەم ژمارەیە دو هێندە زیاتر بوە لە ساڵی (1987) بوە بە (1496.4) دۆنم بە هەمان شێوە بەنزیكەی دوهێندە فراوانبوە لە ساڵی (2002) و بوە بە (2696.4) دۆنم و دواتر لە ساڵی 2023 گەیشتوە بە (4664.4)دۆنم، ئەم فراوانبونە هاوتەریبە لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە كە بە نزیككراوەیی لە نێوان (2002 – 2023) نزیكەی (50000)كەس زیادیكردوە، هەروەك چۆن پەیوەندییەكە پێچەوانە دەبێتەوە لە نێوان زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەك و ڕوبەری زەوی كشتوكاڵی لەلایەكی ترەوە، بەجۆرێك كە زەوی كشتوكاڵی بۆ هەمان ماوە بەنزیكەی (40000) دۆنم كەمی كردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبونی شاری چەمچەماڵ و ناحیە و گوندەكانی سەر بە قەزاكە و بنیادنانی چەندین كارگە بەنمونە خشتی سور و بەرهەم هێنانی وزەی كارەبا و هەروەها پرۆژەی جۆراو جۆری وەك پێشانگەی ئۆتۆمۆبێل و باخ هتد ... ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ لەدەستدانی زەوی كشتوكاڵی دەگاتە 6.77% بۆ ماوەی نزیكەی 20 ساڵی ڕابردو ، ئەمەش ئاماژەیەكی مەترسیدارە بۆ ساڵانی داهاتو بۆ لەدەستدانی زەوی كشتوكاڵی زیاتر لە ناوچەی توێژینەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە كشتوكاڵ وەك سەرچاوەی سەرەكی خۆراك بەشێوەیەكی زۆر كەم دەكات و دانیشتوان لە داهاتودا ڕوبەڕوی كێشەیەكی گەورە دەكاتەوە گەر پلانێكی گونجاو نەبێت، بەتایبەت لەڕوی پەرەپێدانی ستونی بەرهەم و چاككردنی جۆری تۆ و شارەزایی دەستی كار و بەكارهینانی تەكنۆلۆجیای نوێی كشتوكاڵی.

**1-2 گواستنەوە و ڕێگاوبان**

ڕێگاکانی گواستنەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵدا و بۆ پێکەوەبەستنی ناوچەی بەرهەمهێنان بەناوچەی بەکاربردنەوە، هۆیەکانی گواستنەوە هۆکارێکی یاریدەدەرن بۆ فراوانبون و زیادبونی کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە داهاتودا، هەمو پرۆژەیەکی کشتوکاڵی پێویستیەکی زۆری هەیە بەهۆیەکانی گواستنەوە یاخود هەندێك جۆری بەروبوم پێویستی بەگواستنەوەی خێرا هەیە بۆ ئەوەی زو بگەن بەدەستی دانیشتوان بەدورین لە تێکچون و خراپ بون و بۆ نزیکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە بەکارهێنەرەکەی لە کەمترین ماوەدا (مستەفا، 2023، 83). ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە شێوازی دابەشبونی گوندەکانی لەئەنجامی هۆکاری جوگرافیای سروشتی وەکو بەرزی و نزمی و بونی سەرچاوەکانی ئاو و بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو دابەشبوە، گوندەکان کەمترین ڕێگاوبانی پێویستیان هەیە بەتایبەت ڕێگای قیرتاوکراو، و جۆری ئەو گواستنەوەی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە بریتییە لە گواستنەوەی وشکانی و بەتایبەت جۆری گەیاندنی وەکو ئۆتۆمبیل و بارهەڵگر.

لەناوچەی توێژینەوە ڕێگاوبان هاوسەنگ نییە لەگەڵ چڕی دانیشتوان و هەروەها لاسەنگیەکەی زۆرترە لەڕوبەری زەوی کشتوکاڵی و گوندەکاندا، لەئەنجامی نەبونی ڕێگاوبانی پێویست لەگوندەکان و نەبونی پرۆژەی خزمەتگوزاری بەشێك لە گوندەکان لەئێستادا چۆڵن و دانیشتوانەکەی کۆچیانکردوە بۆ شارەکان ولەشارەکان دەژین.

ناوچەی توێژینەوە پێگەیەکی ناوەندی هەیە لە نێوان شاری سلێمانی و شاری کەرکوك بۆیە کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك – سلێمانی درێژی ئەم ڕێگایە چەمچەماڵ-سلێمانی (65)کم و درێژی ڕێگای چەمچەماڵ – کەرکوك (45)کم و دورترین ڕێگا ڕێگای چەمچەماڵ- کەلارە کە درێژیەکەی (140)کم و درێژترین ڕێگای لاوەکی ناوەندی قەزای چەمچەماڵ-قادرکەرەمە کە درێژیەکەی (56)کم و کورترین ڕێگای لاوەکی ڕێگای سەنتەری قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕشە درێژیەکەی (4)کم. خشتەی(7)

خشتەی(7)

ڕێگای هاتوچۆ لە ناوچەی توێژینەوە

| ڕێگا سەرەکیەکان | درێژی/کم | ڕێگا لاوەکیەکان | درێژی/ کم |
|---|---|---|---|
| چەمچەماڵ- سلێمانی | 65 | چەمچەماڵ- شۆڕش | 4 |
| چەمچەماڵ- کەرکوك | 45 | چەمچەماڵ- سەنگاو | 54 |
| چەمچەماڵ- هەولێر | 138 | چەمچەماڵ- تەکیەی کاکەمەند | 15 |
| چەمچەماڵ- ڕێدار( شوان) | 35 | چەمچەماڵ- ئاغجەلەر | 36 |
| چەمچەماڵ- دەربەندیخان | 110 | چەمەچەماڵ – تەکیەی جەباری | 19 |
| چەمچەماڵ- کەلار | 140 | چەمچەماڵ – قادرکەرەم | 56 |

سەرچاوە: کاظم أحمد صدرالدین،2023، پەرەپێدانی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بڵاونەکراوە، ل98

**2-2 سەرمایە**

سەرمایە بە یەکێك لە هۆکارە ئابورییەکان دادەنرێت کاریگەری زۆری لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی هەیە، لەکۆندا بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ زۆر پێویستی بە سەرمایە نەبو، بەڵام لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زۆربونی خواست لەسەر بەرهەمی خۆراکی وایکرد کەلێنی خۆراکی زیاتر دروست بێت بەمەش بۆ

پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە خۆراکییە زیاتر گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵ درا لەڕێگەی دابینکردنی بودجەی زیاتر بۆ بەرهەمهێنانی خۆراك وەکو دابینکردنی پێداویستییە کشتوکاڵییەکان وەك کڕینی ئامێری بەرهەمهێنان و بنەتۆ و پەینی کیمیاوی و دەرمانی قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکان و زیادکردنی کرێی ڕۆژانەی کرێکار، کشتوکاڵی هاوچەرخ پێویستی بەبڕێکی زۆر سەرمایە هەیە بۆ دەستکەوتنی برو جۆری گونجاو لەبەرهەمی کشتوکاڵی (گەردی، 2010، 120). بونی سەرمایە لە وڵاتی میرنشینی سعودیە بوە هۆی فراوانبونی زەوییە کشتوکاڵییەکان و زیادبونی بڕی بەرهەم، بەهەمان شێوە بەرهەمی لاستیك لە کێڵگە بازرگانییەکانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا زیاتر گەشەی کردوە، بەپێچەوانەوە کەمی سەرمایە لەوڵاتی میسر بوە هۆی درەنگ دروستکردنی بەنداوی عالی لەو وڵاتە وایکرد کەرتی کشتوکاڵ لەو ناوچەیە گەشەنەکات و بە دواکەوتوی بمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی درێژ (اسماعیل، 2020، 105).

ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی قەیرانی دارایی و ڕاگرتن و نەناردنی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هاتنی گروپی تیرۆرستی داعش لەساڵی (2014) بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان هەمو قەرزێکی کشتوکاڵی هاوکاری جوتیاران ڕاگیرا، بۆیە بەڕاگرتنی ئەم قەرزی کشتوکاڵییە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە هەبوە، بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لەئاستێکی باش و پێویست نەبوە، جوتیارەکان نەیان توانیوە زیاتر خۆراك وەبەربهێنن.

### 3- توانستەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە ناوچەی توێژینەوە

**ا- بەرزی ونزمی:** چیاکانی ئەم ناوچەیە ڕووبەرێکی پەرت و بڵاو دەگرێتەوە بەپێی ناوچەکانی دەوروبەری کۆی گشتی ڕووبەری ناوچە بەرزاییەکان دەگاتە (739.4)کم2 (صالح، 2015، 16) بەشێوەیەك ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە، بونی چەند دەشتێك لەناوچەکە لەئەنجامی نیشتوی ڕوبارەکان ڕامالینی خاکی قەدپاڵی چیاکان و نیشتەنی لە دۆڵەکاندا دروست بوە، دو جۆر دەشت هەیە لە ناوچەکە یەکەمیان دەشتی لافاوکرد بەهۆی لافاوی ڕوبارەکانی زێی بچوك و باسەرە و ئاوەسپی و دروستبون، دوەمیان ئەو دەشتانەی بەدرێژایی لاپاڵی چیاکانی قەرەداخ و سەگرمە و هەنجیرە و سەڵباتو و ئاژداغ دروستبون، ئەو دەشتانەی نزیك زێیەکان زیاتر سودیان لێوەردەگیرێت بۆ کشتوکاڵی بەراو وەکو سەوزەوات و باخداری و پرۆژەکانی حەوزی ماسی و هەروەها ئەو دەشتانەی تر زیاتر سودیان لێوەردەگیرێت بۆ کشتوکاڵی دێمی بەتایبەت بەرهەمەکانی دانەوێڵە.

**ب- ئاووهەوا:** ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە چوارچێوەی بارانی نیمچە مسۆگەرەوە، بەوپێیەی کە ئاووهەوای ناوچەکە کاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوڕاستە و بارانی لە وەرزی زستاندایە و هاوینی وشکەو دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی جوگرافی بەتایبەت وەکو شوێنی جوگرافی و گەشتی نەواریە هەوایەکان، ناوچەکە هێڵی بارانی یەکسانی (600) ملم بە بەشەکانی باکور و (400-500)ملم بەبەشەکانی ناوەڕاست و (300)ملم بەبەشەکانی ڕۆژئاوای قەزاکە تێپەڕ دەبێت، (صالح، 2015، ل91) جیاوازیەکی زۆر بەدیدەکرێت لە بڕی باران بارین لە ناحیەکانی قەزاکە و تێکڕای باران بارینی لەسەر ئاستی قەزاکە لەساڵی (2010-2023) بڕی(457.1)ملم باران باریوە و تێکڕای پلەی گەرمی ناوچەکە بەپێی داتای وێستگەکەکانی کەشنانی قەزاکە (19.9) پلەی سەدییە، کەواتە ناوچەی توێژینەوە ئاووهەواکەی گونجاوە بۆ کشتوکاڵی دێمی و بەتایبەت بەرهەمی دانەوێڵە وەکو (گەنم و جۆ و نۆك و نیسك) هەروەها بەهۆی گونجاوی ئاووهەواکە و بارینی بارانی باش، ناوچەکە لەوەڕگایەکی باشی هەیە بۆ بەخێوکردنی مەڕومالات، بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان خەریکی کاری کشتوکاڵن و بە بەخێوکردنی مەڕومالاتن، لەکۆنەوە تاکو ئەمڕۆ توانراوە خۆراك بۆ بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە و دەوروبەر دابینبکات.

**ج- دەرامەتی ئاوی:** ئاوی سەر زەوی لە ناوچەی توێژینەوە چەند زێیەك هەن هۆکاری سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە ناوچەکە وەکو زێی بچوك درێژی لەناوچەی توێژینەوە (47.5)کم، بەباکوری قەزاکەدا تێپەڕ دەبێت و زێی باسەڕە 4/1ی دەکەوێتە ناوسنوری توێژینەوە باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە بۆ باشوری ڕۆژئاو تێپەڕدەبێت، کە زێیەکی وەرزییە سەرچاوەکەی ئاوی چەمەکانی بازیان و هەنجیرە و شیوەسورە، هەروەها چەمی ئاوە سپی لەسنوری ناوچەی توێژینەوە سەرچاوەکەی داهاتی ساڵانەی (0.71)ملیارم3 (صالح، 2015، 24) ئەم زێیانە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەناوچەکە و بنەمایەکی بەهێزی کەرتی کشتوکاڵن بەهەردو بەشی ڕوەکی و ئاژەڵداری. هەروەها سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی ناوچەکە ناوچەیەکی نیمچە وشکە و بڕی باران بارین لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازەو وشکەساڵی کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر ژینگەی ناوچەکەو بەتایبەت کەمبونەوەی ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی، ئاوی ژێر زەوی فاکتەری سەرەکی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵە بەتایبەت کشتوکاڵی سەوزەوات لە دەوروبەری شارەکە و دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر گرنگی بەئاوی ژێر زەوی دەدەن بۆ کشتوکاڵ.

لەپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەواتای سودوەرگرتن لە ژینگەی سروشتی و پاراستنی و بنەما جوگرافییە سروشتییەکان وەکو (بەرزی و نزمی و ئاووهەوا و سەرچاوەکانی ئاو) دەخرێنە خزمەتی دانیشتوان و کۆمەڵگا بەشێوەیەك زۆرترین سود و قازانجی بۆ وڵات و ناوچەکەو دانیشتوان دەبێت لەئایندەدا و کەمترین زیان بەژینگەی سروشتی دەگەیەنرێت.

## 1-3 ڕوبەری چێنراو وبڕی بەرهەم لە ناوچەی توێژینەوە

زۆرترین ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی لە ناحیەی سەنگاوە بەڕێژەی (25.3%) و دوابەدوای ئەویش ناحیەی قادرکەرەمە بە ڕێژەی (24.3%) چونکە ناحیەی سەنگاو زەوییە کشتوکاڵییەکانی بەپیتە و بڕی باران بارین لەناحیەی سەنگاو زیاترە بەراورد بەناحیەی قادرکەرەم و دوری ناحیەی سەنگاو کەمترە لە سەنتەری قەزای چەمچەماڵەوە، ناحیەی تەکییەی جەباریش کەمترین ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی هەیە بەڕێژەی 6.4% بەڵام ئەوەی تایبەتە بە زەوی شیاوی کشتوکاڵی ئەوا بەرزترینی لە ناحیەی قادرکەرەمە بەڕێژەی (25.1%) چونکە لەڕوی کارگێڕییەوە (52) گوندی لەسەرە ئەمەش زۆرترین ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی هەیە و زەوییە کشتوکاڵییەکانی زیاتر لەشێوەی تەختایی و بان و گردە، دوابەدوای ئەویش ناحیەی سەنگاو دێت بەڕێژەی (23.8%)، کەمترین زەوی شیاوی کشتوکاڵیش دەکەوێتە ناحیەی تەکییەی جەباری بەڕێژەی (7.4%) کە زۆر نزیکە لە ناحیەی تەکییەی کاکەمەندەوە کە ئەویش ڕێژەکەی بریتییە لە (7.8%).

بەتێڕوانین لە خشتەی (8) دەبینین ڕوبەری چێنراوی کشتوکاڵی هاوینە کەمە بەراورد بە ڕوبەری چێنراوی زستانە، چونکە ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە نیمچە وشکە و بارانی زستانەیە بۆیە زۆربەی ئەو کشتوکاڵەی لەناوچەی توێژینەوە دەکرێت زیاتر لەشێوەی کشتوکاڵی دێمیە و پشت بەئاوی باران دەبەستێت بەتایبەت کشتوکاڵی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ و نیسك و نۆك، زۆرترین ڕوبەری زەوی چێنراوی کشتوکاڵی هاوینە لە ناحیەی ئاغجەلەرە، چونکە ناوچەکە زەوی بەراوی زۆرە بەهۆی تێپەڕبونی زێی بچوك بە سنوری ناوچەکە و گرنگیدان بەکشتوکاڵی هاوینە بەتایبەت کشتوکاڵی سەوزەوات لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە.

خشتەی (8)

ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی و ڕووبەری چێنراوی زستانە و هاوینە لە ناوچەی توێژینەوە (2023-2024)

| ناوی شوێن | ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی | % | ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی | % | ڕووبەری چێنراوی زستانە | ڕووبەری چێنراوی هاوینە | کۆی گشتی ڕووبەری چێنراو | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 184980 | 13.9 | 88353 | 16.4 | 62061 | 113 | 62174 | **11.7** |
| شۆڕش | 119517 | 9 | 47051 | 8.7 | 76666 | 306 | 76972 | **14.5** |
| سەنگاو | 335471 | 25.3 | 128131 | 23.8 | 153233 | 54 | 153287 | **28.9** |
| ئاغجەلەر | 165702 | 12.5 | 58547 | 10.8 | 88177 | 1155 | 89332 | **16.8** |
| تەکیەی کاکەمەند | 114618 | 8.6 | 41903 | 7.8 | 38400 | 11 | 38411 | **7.2** |
| تەکیەی جەباری | 85352 | 6.4 | 39865 | 7.4 | 31730 | 258 | 31988 | **6.1** |
| قادر کەرەم | 322537 | 24.3 | 135103 | 25.1 | 78270 | 235 | 78505 | **14.8** |
| کۆی گشتی | 1328177 | 100 | 538953 | 100 | 528537 | 2132 | 530669 | **100** |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2024، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی پلاندانان و بەدواداچون.

### 2-3 هێزی کار

کار توانای مرۆڤە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەدەستهێنانی بژێوی و دابینکردنی پێداویستی و لەئەنجامدا بەشداریکردن لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی گشتی بۆ کۆمەڵگا، هێزی کارکەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە توانای کارکردنیان هەیە و بەکاری بەرهەمهێنان خەریکن و ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بەدیهێنان و ئاوەدانکردنەوە و بەهێزکردنی ئابوری و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا، هێزی کار لە ناوچەی توێژینەوە دابەشبوە بەسەر کەرتە جیاوازەکان وەکو کەرتەکانی کشتوکاڵ و گشتی و تایبەت و چەند کەرتێکی تردا.

بەپێی تێڕوانین لە خشتەی(9) کەرتی کشتوکاڵ بەرزترین ڕێژەی پێکهێناوە، کە ڕێژەکەی (44%) چونکە ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە لەکۆنەوە تاکو ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار کشتوکاڵ لێرەوە سەری هەڵداوە، کەرتی گشتی بەپلەی دوەم بەرێژەی (36%) دێت ئەم کەرتە پێکهاتوە لە کەرتە خزمەتگوزارییەکان وەکو فەرمانبەران و مامۆستایان و کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان وەکو پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایش دەگرێتەوە سەرجەمیان موچەخۆری حکومەتن لەئێستادا، ئەم کەرتە ڕۆڵی سەرەکی هەبوە لە کەمکردنەوەی دەستی کاری کشتوکاڵی، کەرتی تایبەت بەرێژەی (19%) سەرجەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە کۆمپانیاکان و کاری تر کار دەکەن ناوچەی توێژینەوە بەهۆی بونی نەوت لەناوچەکە و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ڕۆڵی سەرەکی هەبوە لە کەمکردنەوەی بێکاری لە ناوچەکە تارادەیەك، کەرتی تر بەرێژەی (1%) خشتەی(9) و شێوەی(4).

خشتەی(9)


ڕێژەی دابەشبونی دانیشتوان لە چالاکی ئابوریدا لەساڵی 2023

| ڕێژەی دانیشتوان لە چالاکی ئابوری % | جۆری چالاکی |
|---|---|
| 44 | کشتوکاڵ |
| 36 | گشتی |
| 19 | کەرتی تایبەت |
| 1 | کەرتەکانی تر |
| 100 | سەرجەم |

سەرچاوە: کاظم أحمد صدرالدین،2023، پەرەپێدانی توانستە جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بڵاونەکراوە، ل71

شێوەی(4)

ڕێژەی دابەشبونی دانیشتوان لە چالاکی ئابوریدا لە ساڵی (2023)




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بەخشتەی(9)

### 3-3 بەرهەمی گەنم

گەنم یەکێکە لە خۆراکە سەرەکییەکانی دانیشتوان و ڕەگەزێکی سەرەکی زامنکردنی ئاسایشی خۆراکە و چونکە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانەو پێداویستی خۆراکی دانیشتوان دەستەبەر دەکات، لە ناوچەی توێژینەوە بەروبومی گەنم بەپلەی یەکەم دێت لەنێو بەروبومە چێنراوەکاندا و ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لەو ناوچانەی بۆیەکەم جار کشتوکاڵی گەنم چێندراوە، گوندی چەرمو (11) کم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شاری چەمچەماڵەوە دورە، لەسەر لقێکی ڕوباری باسەرەیە یەکێکە لە لقەکانی ڕوباری عوزێم، و لە بەرزی (760م) لە ئاستی دەریاوە هەڵکەوتوە. ڕوبەری گوندی چەرمو نزیکەی (15کم2). ئەو گەڕانە شوێنەوارییانەی کە لەلایەن تیمی ئەرکی شوێنەواریی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ ئەنجامدراون، کە حەوت ساڵیان خایاندوە، ئاماژەن بۆ دەرکەوتنی شانزە چینە شوێنەوارییەکان کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینە نوێیەکان بۆ یەکەم جار کشتوکاڵی گەنم لێرە چێندراوەو دانیشتوانەکەی بەکشتوکاڵی گەنمەوە خەریك بونە (أمین، 2012، 5).

بەتێڕوانین لە خشتەی(10) دەبینین کۆی گشتی ڕوبەری زەوی چێنراو بە کشتوکاڵی گەنم (284760) دۆنم بوە، کۆی گشتی بڕی بەرهەمی گەنم لەساڵی (2023-2024) بڕی (50684) تۆن بوە، بەهۆی گونجاوی ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە کشتوکاڵی گەنم زیاتر بەشێوەی دێمی دەچێنرێت لەسەرەتای وەرزی پایز دەچێنرێت و لە کۆتای وەرزی بەهار درونێە دەکرێت. بڕی بەرهەمی گەنم لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان جیاوازە زۆرترین بڕی بەرهەمی گەنم بەپێی خشتەکە لە ناحیەی سەنگاوە، چونکە ئەم ناحیە خاوەنی زەوییەکی کشتوکاڵی باشی هەیە و جوتیارانی ناوچەکە زیاتر گرنگی دەدەن بە کشتوکاڵی گەنم بەراورد بە جۆرەکانی تری کشتوکاڵ، هەروەها بەهۆی وەرگرتنی گەنم لەسایلۆکانەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جوتیارانی ناوچەکە زیاتر گرنگی دەدەن بە کشتوکاڵی گەنم.

بەتێڕوانین لە خشتەکە و نەخشەی (4) دەبینین کەمترین بڕی بەرهەمی گەنم لە ناحیەی تەکیەی جەباری بوە، کە بڕەکەی (4882) تۆن بوە، بەڕێژەی (9.6%)ی بڕی بەرهەمهێنانی گەنمی قەزاکەی پێکهێناوە، چونکە تەکییەی جەباری لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی (2003) ناوچەکە ئاوەدان کراوەتەوە لەلایەن خەڵکی سنورەکەو بەشێك لە زەویە کشتوکاڵییەکانی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەستکراوە بەکشتوکاڵکردن لە ناوچەکەو ئاوەدانکراوەتەوە.


خشتەی(10)

ڕوبەری چێنراو بڕی بەرهەمی گەنم بۆ ساڵی (2003 – 2024)

| ناوی شوێن | ڕوبەر/ دۆنم | ڕێژە% | بەرهەم/ تۆن | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 32527 | 11.4 | 5789 | **11.4** |
| شۆڕش | 27689 | 9.7 | 4928 | **9.7** |
| سەنگاو | 61715 | 21.7 | 10985 | **21.7** |
| تەکیەی کاکەمەند | 31512 | 11.1 | 5609 | **11.1** |
| ئاغجەلەر | 55087 | 19.4 | 9805 | **19.4** |
| تەکیەی جەباری | 27429 | 9.6 | 4882 | **9.6** |
| قادر کەرەم | 48801 | 17.1 | 8686 | **17.1** |
| کۆی گشتی | 284760 | 100 | 50684 | **100** |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2024، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ بەشی پلاندانان و بەدواداچون.

نەخشەی(4) ڕوبەری چێنراو لە ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران پشت بەستن بە خشتەی(10).

### 4-3 دانیشتوان و پەرپێدانی کشتوکاڵ لە ناوچەی توێژینەوە

پەرەپێدانی کشتوکاڵی گوزارشت لەسەر زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانی خۆراك بەشێوەیەکی بەردەوام و زامنکردنی ئاسایشی خۆراك و باشترکردنی ژیانی جوتیاران وبەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی دەکات، وادەکات دانیشتوان زیاتر سود لە دەرامەتە سروشتییەکان وەرگرێت و پەرپێدانی کشتوکاڵ پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ کەرتی ئابوری بەتایبەت لە ڕەخساندنی هەلی کار و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و لەهەمان کاتدا بەڕێوبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و پاراستنی ژینگە لەئەستۆدەگرێت(محمود، 2023، 124)

پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە ناوچەی توێژینەوە بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵییەوە پێشتر لەساڵانی (1988) بەدواوە دانیشتوانەکەی بەشێکی ئەنفالکراون و بەشێکی تری ڕاگوێزراوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان و گوندەکان خاپورکراون لەلایەن حکومەتی بەعسی ڕوخاوە، بۆیە پەرەپێدان گۆڕانکارییەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە پلان بۆ بەرەوگەیشتن بە باشترین وەبەرهێنان لەسەرچاوە مرۆییەکانی کۆمەڵگا دەکات کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی نەوەکانی داهاتوە بۆ باشترکردنی ژیانیان لە داهاتودا.

دەتوانین ئاماژەبکەین بە چۆنیەتی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەناوچەی توێژینەوە.

**ا- هاوسەنگی دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان**

لەسەر ئاستی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی 2023 ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین (88%) و ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین (12%) (دەستەی ئامار، 2023) بۆیە ناهاوسەنگیەك هەیە لە دابەشبونی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە دەكرێت هاوسەنگییەك دروستبكرێت لە ڕێگەی گەرانەوەی دانیشتوان بۆ گوندەكان ئەویش بەدابینكردنی پێداویستیەكانی ژیان وەكو پرۆژە خزمەتگوزارییەكان ڕێگاوبان و ڕاكێشانی تۆری كارەبا و ئاو و دروستكردن و كردنەوەی خوێندنگە و باخچەی ساوایان بنكەی تەندروستی و پێدانی پێشینەی خانوبەرە و هاوسەرگیری و قەرزی كشتوكاڵی بە دانیشتوانی گوندەكان تاكو گوندەكان ئاوەدان ببنەوە و جۆرە هاوسەنگییەك دروستبێت لە پێكهاتەی ژینگەی دابەشبونی دانیشتوانی گوند و شار و زیاتر گرنگی دەدرێت بە كەرتی كشتوكاڵ بەهەردو بەشی ڕوەكی و ئاژەڵی.

**ب-بەهێزكردنی كەرتی كشتوكاڵ**

كەرتی كشتوكاڵ لە نێو پلانە نیشتمانییەكاندا بكرێت بەكەرتێكی ئابوری نیشتمانی و بودجەی زیاتری بۆ دابینبكرێت، لە هەندێ وڵات بەپێی ستاندەرە جیهانییەكان دەبێت بەڕێژەی (10%)ی بودجەی وڵات بۆ كەرتی كشتوكاڵ دابینبكرێت، لە هەندێ وڵات بەڕێژەی (40%)ی بودجەی وڵات بۆ كەرتی كشتوكاڵ دابیندەكرێت، بەڵام لە هەرێمی كوردستان بەڕێژەی (4%)ی بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ كەرتی كشتوكاڵ دابیندەكرێت، بەهۆی گرنگیدان بە كەرتەكانی پیشەسازی نەوت و وزە و نیشتەجێبون و خزمەتگوزاری كەمتر گرنگی بەكەرتی كشتوكاڵ دراوە، كەرتی كشتوكاڵ ڕێژەی وەبەرهێنان لەساڵی 2015 بەڕێژەی (1.6%) بوە، بەڵام ڕێژەی وەبەرهێنان لە كەرتی نەوت و وزە بەڕێژەی (36%) بوە لەنێو پلانە نیشتمانییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان (مستەفا،2023، 110) ناوچەی توێژینەوە وەكو تەواوی ناوچەكانی هەرێمی كوردستان ڕێژەی وەبەرهێنانی كشتوكاڵی كەمە بەهۆی دابیننەكردنی بودجەی پێویست بۆ ئەو كەرتە پێویستە سەرمایەی پێویست دانرێت بۆ پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵ وەكو پێنەدانی قەرزی كشتوكاڵی و هاوكاری جوتیار وەكو پێدانی پەینی كیمیاوی و چۆنیەتی ڕێنمیاكردنی جوتیاران بۆ سەرخستنی كەرتی كشتوكاڵ لەناوچەكە.

دەكرێت كەرتی كشتوكاڵ لەنێو پلانە نیشتمانییەكاندا بكرێت بەكەرتێكی سەرەكی و لە ڕیزی پێشەوەی كەرتەكانیتردا بێت و بەم جۆرە گرنگی زیاتر بدرێت بەو جۆرە وەبەرهێنانەكشتوكاڵیانەی لەناوچەكە زۆرترین دەستی كاری كشتوكاڵی لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی بێكاری لەناوچەكە كەم تربێتەوە، زۆرترین ڕێژەی وەبەرهێنانی خۆراك بۆ دانیشتوان دابینبكات.

**ج- بەبازاڕكردن بۆ بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران**

ڕەخساندنی بەبازاڕكردن بۆ جوتیارەكان هۆكارێكی سەرەكی و گرنگە بۆ پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵ لەهەرێمی كوردستان و ناوچەی توێژینەوە، ئەویش لەڕێگەی داخستنی سنورەكان لەوەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران و زمینەسازی بۆ بەبازاڕكردن لەسەر ئاستی وڵاتانی هەرێمی و جیهانی بۆ بەرهەمی ناوخۆ و بەپیشەسازیكردنی بەشێك لە بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران و ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە كەمكردنەوەی ڕێژەی بێكاری و ڕەخساندنی هەلی كار بۆ دانیشتوانی ناوچەكە، پێویستە لەناوچەكە ئەو بەرهەمانە بچێنرێت كە زۆرترین خواستی دانیشتوانی لەسەرە بۆ ئەوەی بتوانرێت پێداویستی دانیشتوانی ناوچەكە و هەرێمی كوردستان پڕبكاتەوەو بەشێكی هەناردەی دەرەوە بكرێت.

بەرهەمی جوتیاران پێویستی بەهەڵگرتن و پاراستن هەیە لە ناوچەی توێژینەوە، لەوەرزی پێگەیشتنی بۆ وەرزێكی تر تاكو بەبەردەوامی خستنەڕو هەبێت نرخیان بەرزنەبێتەوەو كەم نەبنەوەوتێك نەچن بۆیە پێویستە بەڕاد و كۆگا و گەنجینەی

ستراتیژی  هەبن، تاکو بەرهەمەکان لەهەموکات هەبن بەتایبەت لەکاتی ڕودانی کارەساتی سروشتی وەکو بومەلەرزە و لافاو بڵاوبونەوەی نەخۆشی و ئاگر کەوتنەوەو ڕودانی تەنگەژەی ئابوری و داخستنی سنورەکان و کاریگەری لەسەر کەمبونەوەو بەرزبونەوەی نرخی خۆراك نەبێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە.

**ء- زیادکردنی جوتیاری نوێ**

لەناوچەی توێژینەوە بەهۆی گرنگی دان بەسێکتەرەکانی نەوت و وزەو هەبونی دامەزراندن لە سێکتەری سەربازی و خزمەتگوزاری لەئێستادا گەورەترین کێشە کەمبونەوەی دەستی کاری کشتوکاڵییە، دروستکردنی جوتیاری نوێ پێویستی بەدامەزراندنی بەشە زانستەکشتوکاڵییەکان لەرێگەی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی بچوك و مام ناوەند هەیە تاکو ئەم پرۆژانە لە ئایندەدا ببنە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەورەی ئابوری نیشتمانی، هەروەها بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەکە دەکرێت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە گرنگی زیاتر بدرێت بە بەشە زانستە کشتوکاڵییەکان بۆ بەشی ڕوەکی و ئاژەڵداری و کێڵگە پەلەوەرییەکان وپرۆژەی حەوزی ماسی و هەنگەوان تاکو هەمانگییەك هەبێت لە نێوان جوتیاران و ناوەندە زانستییەکانی ناوچەکە، و ناوەندێك بن بۆ زیادبونی دەستی کاری کشتوکاڵی لە ناوچەکە و سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم و تاکو جوتیارەکان ئاشنابن بەهۆکارەکانی بەرهەمهێنان بتوانن زۆرترین خۆراك وەبەربهێنن و چۆنیەتی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکە.

**دەرئەنجام**

1-. شاری چەمچەماڵ بەشێوازێکی بەربڵاو فراوانبوە لە ئەنجامی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و کەمبونەوەی ژمارەی دانیشتوان لەگوندەکاندا، شێوازی پلان بۆ دارێژراو بەپێی ماستەر پلانی شار ئاراستەی فراوانبونی شار دیاریکراوە لەرێگەی بەرنامەو نەخشەی شارەوە شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی و ڕوبەر و ئاراستەکانی فراوانبونی شار دیاری کراوە، لەهەمان کاتدا ڕێگەدەگیرێت لەهەمو زیادەڕۆییەك بەشێوەیەکی نایاسایی دروستبکرێت.

2- لەسەر ئاستی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی (2023) ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین (88%) و ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین (12%) بۆیە ناهاوسەنگییەك هەیە لە دابەشبونی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە دەکرێت هاوسەنگییەك هەبێت لە ڕێگەی گەرانەوەی دانیشتوان بۆ گوندەکان ئەویش بەدابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان وەکو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

3- بەهۆی گرنگی دان بەسێکتەرەکانی نەوت و وزە و هەبونی دامەزراندن لە سێکتەری سەربازی و خزمەتگوزاری لەئێستادا گەورەترین کێشە کەمبونەوەی دەستی کاری کشتوکاڵییە لە ناوچەی توێژینەوە دروستکردنی جوتیاری نوێ پێویستی بەدامەزراندنی بەشە زانستەکشتوکاڵییەکان لەرێگەی سەرپەرشتی کردنی پرۆژەی بچوك و مام ناوەند و تاکو ئەم پرۆژانە لە ئایندەدا ببنە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەورەی ئابوری نیشتمانی.

4- کۆی گشتی ڕوبەری زەوی چێنراو بە کشتوکاڵی گەنم (284760)دۆنم بوە، کۆی گشتی بری بەرهەمی گەنم لەساڵی (2023-2024) بری (50684) تۆن بوە، بەهۆی گونجاوی ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە کشتوکاڵی گەنم بەشێوەی دێمی دەچێنرێت لەسەرەتای وەرزی پایز دەچێنرێت و لە کۆتای وەرزی بەهار دروێنە دەکرێت، بری بەرهەمی گەنم لە ناحیەی سەنگاوە چونکە ئەم ناحیە خاوەنی زەوییەکی کشتوکاڵی باشی هەیە، هەروەها بەهۆی وەرگرتنی گەنم لەسایلۆکانەوە  لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جوتیارانی ناوچەکە زیاتر گرنگی دەدەن بە کشتوکاڵی گەنم.

5- پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە بۆ گروپی تەمەن مامناوەند  زۆرترین ژمارەی لە خۆ گرتوە لە چاو تەمەنی منداڵ و گەورەساڵ. بە جۆرێك(102690) کەسە لە کۆی گشتی دانیشتوان بەرێژەی (54.1%) ئەمەش

ئاماژەیەکی باشە بۆ بونی دەستی کار لە ناوچەی توێژینەوە، ئەم ئاستە نوێنەرایەتی هێزێکی کاری گونجاو دەکەن لەئابوریدا، دەتوانرێت وەکو چینێکی بەرهەمهێنەر وچالاك لە ناوچەی توێژینەوەو هەرێمی کوردستان پۆلێنبکرێت.

6- ڕوبەری فراوانبونی شاری چەمچەماڵ لەنێوان ساڵانی (1977 – 2023) گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە بەجۆرێك کە هاوتەریبە لەگەڵ زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە کە بە نزیککراوەیی لە نێوان (2002 -2023) نزیکەی (50000) کەس زیادی کردوە، هەروەك چۆن پەیوەندییەکە پێچەوانە دەبێتەوە لە نێوان زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەك و ڕوبەری زەوی کشتوکاڵی لەلایەکی ترەوە، بەجۆرێك کە زەوی کشتوکاڵی بۆ هەمان ماوە بەنزیکەی (40000) دۆنم کەمی کردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبونی شاری چەمچەماڵ و ناحیە و گوندەکانی سەر بە قەزاکە و بنیادنانی چەندین کارگە بەنمونە خشتی سور و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و هەروەها پرۆژەی جۆراو جۆری وەك پێشانگەی ئوتۆمۆبێل و باخ هتد ...

7- ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ لەدەستدانی زەوی کشتوکاڵی دەگاتە (6.77%) بۆ ماوەی نزیکەی(20 ) ساڵی ڕابردو.

8- پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ پێویستی بە ڕەخساندنی بەبازاڕکردن هەیە بۆ جوتیارەکان کە هۆکارێکی سەرەکی و گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، ئەویش لەڕێگەی داخستنی سنورەکان لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران و زمینەسازی بۆ بەبازاڕکردن لەسەر ئاستی وڵاتانی هەرێمی و جیهانی بۆ بەرهەمی ناوخۆ و بەپیشەسازی کردنی بەشێك لە بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران لە وەرزی پێگەیشتنیان و ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

**پێشنیار**

1- گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و کەرتی بیانیەوە و بۆ ئەوەی کشتوکاڵ بکرێت بە کەرتێکی ئابوری نیشتمانی لە داهاتودا.

2- وەبەرهێنان ناچار بکرێت زیاتر لە بواری پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ کاربکەن بەراورد بە کەرتەکانی نەوت و وزە و نیشتەجێبون لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە.

3- دابەشکردنی پێشینەکانی خانوبەرەوقەرزی کشتوکاڵی و قەرزی پیشەسازی خۆراکی لە گوندەکان لەپێناو برەودان بەپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە.

4- ڕەخساندنی دەرفەتی بەبازاڕکردن بۆ بەرهەمی ناوخۆی جوتیارەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی.

5- پەرەپێدانی ستونی بەرهەم و چاککردنی جۆری تۆ و شارەزایی دەستی کار و بەکارهینانی تەکنۆلۆجیای نویی کشتوکاڵی.

6- پلاندانانی گونجاو بۆ فراوانبونی شار بەتایبەت هاندان بۆ پرۆژەی بینای ستونی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ گۆڕانکاری شێوازی ژیانکردن و گونجان.

**سەرچاوەکان**

**حسێن، ب.** (٢٠٢٢)، جوگرافیای شار و کێشەکانی شارنشینی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

**عەبدولکەریم، ل** (٢٠١٠)، شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لە پارێزگای سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی ئاوێنە.

**صالح، چ** (٢٠٢٣)، قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**صالح، ص.** (٢٠١٥)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

**سەدرەدین، ک.** (٢٠٢٣)، پەرەپێدانی توانستە جوگرافیەکانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**گەردی، س.** (٢٠٠٨)، ڕۆڵی دانەوێڵە لە زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**محەمەد عەلی، ج.** (٢٠٠٧)، ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**مەحمود، س.** (٢٠٢٣)، توانستەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**مستەفا، ر.** (٢٠٢٣)، هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**أمين، ب.** (٢٠١٢)، تأثير المناخ في إنتاجية الحنطة والشعير في قضاء جم جمال، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة الموصل.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان** (٢٠٢٤)، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان،** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی پلاندانان و بەدواداچون.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان،** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، هۆبەی کشتوکاڵی شۆڕش و تەکیە.

**الجمهورية العراقية** (١٩٧٧)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان محافظة السليمانية.

**الجمهورية العراقية** (١٩٨٧)، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان محافظة السليمانيه.